# سەبارەت مەسەلەی ئاوارەیی و پەنابەرانی عیراقی و ریگا چارەکانی ئیمە بۆی:

بەپیٚی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان نزیکەی 5 ملیۆن کەس لەخەلکی عیراق ئاوارەی ولاتانی دەوروبەر و وەك پەنابەر روویان لەولاتانی ئەوروپا وئەمریکاو ئوستراليا وکەنەداکردووە. ریشە و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە دەگەریتەوە بۆ:

1- کۆمەلگای عیراق لەسالی 1991 و بەدوای دارمانی بلوکی رۆژهەلات بۆتە مەیدانیك بۆتەسفیەی حساباتی سیاسی هیزە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیەیکان. جەنگی یەکەمی کەنداو و بەدوای ئەیشدا دریژەکیشانی گەماوری ئابووری و لەسەر کاربوونی رژیمی فاشیست و ئیستبدای بەعسی و پاشان شەری دووهەمی کەنداو و سەرهەلدانی سیناریۆی رەش لەعیراق.. هەمووئەمانە وەك بەرئەنجامیك لەسیاسەتی نەزمی نویٚی جیهانی ئەمریکا و بەهاوکاری دەولەتانی ئەوروپا، دەیان موسەیبەت و چارەنوسیکی ناهەموورایان گیرۆدەی خەلکی عیراق کردووە وبەم هۆیەوە زەمینەوهۆکارەکانی سەرهەلدانی دیاردەی ئاوارەیی و هەلهاتنی خەلکی عیراقی بۆژیانی پەنابەریتی بەرهەم هیناوە.

2- بەدوای ئەم واقعیەتانەشدا، جەنگی دووەمی کەنداو، ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەولاتانی ئەورووپا، تەنها رژیمی بەعسیان نەروخاند، بەلکو کۆمەلگای عیراقیان بەرو ویرانەیەك پالپیوە نا و بەیەکجاری شیرازەی مەدەنیەتی ئەم کۆمەلگایەیەان بەسەر یەکدا رووخاندو عیراق بووە مەیدانی جەنگ و کیشمەکیشیکی تیرۆریستی کەتیدا چەندین دەستەوتاقمی کۆنەپەرستی ئیسلامیتییدا چالاکبوونەوە. لەوەش زیاتر سیاسەتی ئەمریکا عیراقی بەرەو دەسەلات وتەقسیماتیکی قەومی وئاینی راپیچدا و شەری تایەفەگەری کردەیەك واقعیەت و بەیەکجاری سیمای هاولاتی بوون و مەدەنیەتی لەولاتەدا خستە ژیر پرسیارەوە وسەرەنجام ژیانی ئاوارەیی ملیۆنی و هەلهاتن وroوتیکردن بەرەو ژیانی پەنابەریی بووە دیاردە و گۆشەیەکی رۆژانەو جیانەکراوەی ئەم بارودۆخانە. بەم جۆرە سەرهەلدانی دیاردەی ئاوارەیی و رووهینانی بەلیشاوی پەنابەریتی لەنیو خەلکی عیراقدا، بەرهەمی جەنگ و داگیرکارو میلیتاریمی ئەمریکاو نەزمە نویەیەکەیەتی کەلەچەندسالی رابردوودا کۆمەلگای عیراقیە کردۆتە ئامانجی خۆی. ئەمە ئیتر دیاردەیەکی بەتەواوی سیایەو ئەمریکاو دەولەتانی رۆژسئاوا لیٚی بەرپرسیارن.

3- لەبەرامبەردا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی ریگاچارەی خۆی بۆ وەلام دانەوە بەم مەسەلەیە لەم خالانەی خوارەوەدا کورت دەکاتەوە:

4- راگرتنی بەلیشاوی دیاردەی ئاوارەیی و پەنابەریتی خەلکی عیراق بەرلەهەرشتیك بەندە بەکۆتایی هینان بە جەنگ و داگیرکاری ئەمریکاو لەعیراق و هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو دەسەلات ودامەزراوە و دەستورو یاسایانەوە کە لەژیر سایەی داگیرکاری ئەمریکادا بەسەر خەلکی عیراقدا سەپینرداوە. هاوکات ریگابدری کە خەلکی عیراق لەپرۆسەیەکدا دەولەت و حکومەتیکی سکولاری غەیرە قەومی و غیرە دینی لەسەر بناغەی سەلماندنی مافی هاولاتیانی یەکسان و سەرجەم خواستە سیاسی و مەدەنیەکان دامەزرابیت وتیبکۆشیت کەلانی کەمی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان دابینبکات. حالەتیکی ئاوا بناغەی گیرانەوەی هەلومەرجی کۆمەلگایەکی ئاساییە کەلانی کەمی ژیان و ئەمنەیەت و مەدەنیەت بەپیٚی یاسا دەگیریتەوە بۆ دانیشتوان وبەمجۆرەش ئیستقرایی سیاسی و کۆمەلایەتی لەنیو هەموو بەشەکانی کۆمەلگادا دابین دەکاو خەلکی ناچار نابیت بە هەلبژاردنی ناچاری ژیانی ئاوارەیی و پەنابەریتی بەوشیوەیەیی ئیستا لەگۆردایە.

1- تائەوکاتەی ئەم ئامانجەی سەرەوە دیتەدی، فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی تیدەگۆشیت بۆ:

*- باشکردنی ژیانی ئاوارەعیراقیەکان و بەهرەمەندبوونیان لەئیمکانات و ماف و ئەمنیەتیان لەهەرولاتیکدا هەن. بۆئەمەش دەبی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرپرسیاریتی ژیانی خەلکی ئاوارەی عیراق لەولاتانی وەك ئەردەن و ئیران و سعودیەو کویەت و تورکیا، بگریتە ئەستۆ و لە داهاتی نەوت مەسرەفی لانی کەمی ژیانیان لەئەستۆ بگری. هاوکات هەولبدات کەئەم دەولەتانە وەك هاولاتیان چاویان لیبکەن و مافەکانیان بۆبەرەسمی بناسیندریت.

*- بەرەسمی ناسینی بیقەیدوشەرتی داوای مافی پەنابەرانی عیراقی بۆهەرکەسیك وەك پەنابەرانی سیاسی لەولاتانی ئەوروپا وکارئاسانی بۆکردنیان لەم ولاتانە تا ژیانی ئاسایی دەست پیبکەنەوە.

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بەتەواوی تواناوە تیدەکۆشیت هاوشان لەگەل هەموو هیزو لایەنە سکولارو ئازادی خوازەکان تا بارودۆخی ئیستای عیراق بەقازانجی گیرانەوەی مەدەنیەت و ئارامی بشکیتەوە. هاوکات هاوشان لەگەل ریکخراوە مرۆڤدۆستەکان و خەلکی ئازادی خواز تیدە کۆشیت بۆ جیگیرکردنی مافی پەنابەریتی بۆپەنابەرانی عیراقی و فریاگوزاری خیرا بۆ ئاوارەعیراقیەکان لەولاتانی دراوسیٚ.